www.kurdistannet.org
8-3-2007 1:39 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**(کوردستان پۆست) و کلتووری شەڕانگێزی ... محەمەد قادر**

نامەوێ بچمە ناو وردەکاریی شەڕە جنێوەکانی (کوردستان پۆست) و پەشیمانی نامەکەی کاك نەبەز گۆران و نەفەسی شەڕانگێزانەی هاوشێوەکانی، مەبەستمە رووی قسەم ئاڕاستەی (کوردستان پۆست) و فریودراوانی بکەم و چەند سەرنج و پرسیارێکی کورتیان ئاراستە بکەم؟ کە رەنگە پاش ئەو هەڵچوون و شەڕە جنێو و پەلاماردانەی لەم ماڵپەڕە بەرێزەدا بڵاوبوویەوە، خەڵکێکی زۆر لە کوردستاندا هەمان ئەم پرسیارانەیان لا دروست بووبێت و بیانەوێ لەو گروپەی بکەن!

لە دەستپێکی ئەم گەمە سیاسیەی کە هەفتەی رابردوو بە (کوردستان پۆست) جێبەجێ کراو کاك (نەبەز) تێیدا ئەکتەری سەرەکی بوو و لە رێیی ئەوانیشەوە کۆمەڵێ خەڵکی بێ ئاگا لە کاری رۆژنامەنووسی وفیتی سیاسی و سیراعی نابەجێ شاڵاوی قسەی ناشرین و سووك و بازاری و دوور لە زمانی رەخنەو نووسین و کاری رۆژنامەنووسی لەو ماڵپەڕەدا بڵاوکرایەوە!! زۆر سادەگۆ و بێ سەروبەرانە هەموو جۆرە درۆ و فروفیشاڵ و تەشهیرێك ئاراستەی بەرپرس و کادیرانی راگەیاندنی پارتی کرا، کە بە ئاشکرا مەرامێك بە نەفەسی نووسینەکانەوە دیار بووا! واتە (ئەم –کوردستان پۆستە- موویەکی گەورەی تێدابوو!!

بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و سەرسوڕمان بووا مەعمیلەکانی کوردستان پۆست، ئەم ماڵپەڕەیان بە چاووگی سەرەکی هەوێنی گشت زانیاری و تەشهیرەکانیان دەزانی و لەهەمان کاتدا هەموویان خۆیان بە پاشکۆ و لەشکری ئەو ماڵپەڕە دادەنا! هەربۆیە بێجگە لە گەرم کردن و تاودانی گفتە ناشایستە و ناشیرینەکان، زوو زوو بە نامە وەلائیان بۆ نوێ ئەکردەوە! لەکاتێکدا ئەوان نەیاندەزانی نەفەسی تەشهیر و جنێو گەلێك کورت و لەبارچووە! رەنگە تائێستاش نەیانزانیبێ کە کوردستان پۆست و مەعمیلەکانی دەیانویست لە لایەك ئەگەر بە جنێو و تەشهیریش بێ گرنگ ئەوەیە خۆیان بخەنە نێو ناوان و موشتەری زیاتر بۆ ماڵپەڕەکەیان پەیدا بکەن! لە لایەکی دیکەشەوە هەندێ فەرمایشت و راسپاردەی هەندێ کەس و لایەن جێبەجێ بکەن! ئاخر مەعمیلەکانیان نازانن هەندێ هەڵڵای راگەیاندن مەرامی لە پشتەوەیەو ساحێب مەرامەکان لە پشتی مەنەسەکانەوە هەرجارەی لەرێگەی بووکەشووشەیەکەوە پەیامی خۆیان دەگەیەننە خەڵك و چۆنیان بوێ دەیسوڕێنن و پاش تەواو بوونی سیناریۆکانیان بووکەشووشەکە جێ دەهێڵن و تووشی دەکەن!

سەیرە!. کەسانێك خۆیان بە نووسەر و رەخنەگر و رۆژنامەنووس بزانن، کەچی لەبیریان چووە کە کۆمەڵگە زۆر لەوە هۆشیارترن کە ئەم هاندانەی (کوردستان پۆست) بەسەریاندا تێپەڕێ و فریوبدرێن و ببنە هەوێنی گەمەیەکی سیاسیی دۆڕاو!

هەمیشە لە نووسیندا نەفەسی شەڕەنگێزی و مەرامی ژێربەژێر و توندڕۆیی هێندە چیكڵدانی بچوك و کورتە، زۆر جار پەنجە گەستنی بەدوواوە دێت، کەسی هۆشیار تێدەگات کە سەردێڕێك بە جنێو دەست پێبکات، خاڵی کۆتایی تێیدا پەشیمانییە! ئەگەر نا ئەو هەڵچوون و شەڕە جنێوە بۆچی بە قودرەتی قادر و لەپڕێکدا 180 پلە لەسەر دەستی هەندێکیان هەڵگەڕایەوە بۆ هێمن بوونەوە و داوای لێبوردن؟

پێم وایە رۆشنبیران باش دەزانن بیرکردنەوە و بۆچوون و نووسینی میانڕەو زادەی لۆژیکی تێفکرین و ورد و درشتیی بۆچوون و قەناعەتی کاملە لە پرۆسەی داهێنان و رەخنە و بیرکردنەوەی داهێنەری بە ئەزموون و کاملدا، بەڵام توندڕۆیی و رارایی لە ئایدیا و بۆچوون و هەڵوێست و بیرکردنەوەدا هەمیشە هەڵچوون و گرژی و بەدحاڵیبوونی لێ بەرهەم دێت، ئەمەی (کوردستان پۆست) کردی و دەیکات هەمان ئەو هەڵچوونەیە کە بەدحاڵیبوونی لێ درووست دەکات و هەندێ خەڵکیشی پێ فریودەدات، ئەنجامەکەیشی لە سەرەتاوە بەتاڵە!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پاشان ئەگەر هەر بلاوکراوەیەك رەخنەیەکی ئەکادیمیی گرنگی پێیە؟ دەتوانێ بابەتیانە بەیانی بکات، بەبێ هەڵچوون و جنێو و تەشهیرکردن بە ژیانی تایبەتی خەڵك! ئەمەش ئەو هەڵە گەورەیە بوو کە (کوردستان پۆست) و گشت مەعمیلە تەشهیرچییەکانی لەم بابەتە و گشت بابەتەکانی دیکەدا تێی کەوتوون.
ئەگەر کەمێك واوەتر بروانینە ئەرکی رۆژنامەگەری، دەبێ لەو راستییە بگەین کە ئەرکی رۆژنامە و ماڵپەڕ و بلاوکراوە، رەخنەی بابەتییانەیە لە پێناو چاکسازیدا، نەك پەلاماردان و تەشهیر کردن! نەفەسی رۆژنامەنووسیش دەبێ نەفەسێکی بابەتیانە بێ بۆ نووسین و رەخنە و گەیاندنی راستییەکان بە خوێنەر، نەوەك نەفەسی شەڕەنگێزی و هاندانی ئاشکرای خەڵك بۆ بەدحاڵیبوون و هەڵچوون و دەمارگیری و تەشهیر و جنێودان بە هەر کەس و لایەنێك، کە بەداخەوە ئەمە کاری سەرەکی (کوردستان پۆست) و هەندێ لە بلاوکراوە کوردییەکانە! کە هەر ئەوانیش ئەم نەفەسی شەڕانگێزییە بە ناوی رۆژنامەگەری ئازاد لەناو هەندێ لە رۆژنامەنووسە گەنجەکانماندا دەچێنن و برەوی پێ دەدەن و پشتگیریشی لێ دەکەن.
هەر بەم نەفەسەشدا کوردستان پۆست ناچارمان دەکات ئەو پرسیارەی لێ بکەین: پاش دامرکانەوەی ئەم هەڵچوون و شەڕ و ئاژاوەیە لەسەر سەرۆ قادر و راگەیاندنی پارتی، بەرنامەی لە نۆرەدا بۆ کێی تر و چ لایەنێکی دیکە و چ بابەتێکی دیکە داناوە؟ کەواتە ئەم سایتە بەڕێزە خۆی بە دەستی خۆی وێنەیەکی تێکشکاوی زۆر ناشرینی خۆیمان نیشان دەدات و بە بیرماندێنێتەوە کە ناوەکان و کەسایەتییەکان و ناوی حزبەکان و ناوی سەرکردەکان و تەنانەت بابەتکانیش گرنگ نیین لای ئەو، بەڵکو گرنگ هەڵرشتنی ئەو نەفەسە شەڕانگێزییەیە کە دەیەوێ پەرشی ناو ناخی چ رۆشنبیری کورد و چ کلتووری راگەیاندنی کوردستانیشی بکات!
هەر لەم دەنگۆیەدا یەك دوو رۆژنامەنووسی گەنجم بینی، لەم کێشمەکێشمەی کوردستان پۆستدا رەنگە برادەری کاك نەبەزیش بن و قەناعەتیشیان هەمان قەناعەت بێت، پێیان گوتم بۆ کاریکاتێری جەماوەری بلاوناکەنەوە؟ لە وەلامدا گوتم: وەکو؟ هەردووکیان پێکەوە گوتیان هی کاك نێچیرڤان!! ئەم وەلامە بە پرتاوەی ئەوان ئەو نەفەسە دارێژراوەی کوردستان پۆستی بیر هێنامەوە، کە بە قەناعەتی ئەوان بابەتی گرنگ و جەماوەری، بریتییە لە پەلاماردان و سوکایەتی پێکردنی کەسایەتی ناسراو و دەسەلاتدار! نەك گەندەڵی ئیداری و خودی رەخنە!! دەنا دەیانتوانی بڵێن: کاریکاتێری حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان بکە! واتە سیفەت و شوێنە ئیدارییەکان! نەك ناو و کەسێتیی خودی کەسەکان!!
رەنگە ئەم شێوازە خەتەرناکەی ئەم ماڵپەڕە بەڕێزە تەنانەت بۆ خودی هەندێ لە موشتەرییانی خۆی دەرکەوتبێ! دەنا کاك نەبەز گۆران بۆچی کە بابەتی پڕ جنێو دەنووسێ لە (کوردستان پۆست) بلاوی دەکاتەوە؟ کەچی کە داوای لێبووردن دەکات و هێمن دەبێتەوە، لە ماڵپەڕەکانی دیکە بلاوی دەکاتەوە!!
ئەم پرسیارە دەبێ کوردستان پۆست لەخۆی بکات و وەلامەکەیشی بە راشکاوانەوە بداتەوە!
یا ئەوەتا ئەم ماڵپەڕە لە بنەڕەتدا تەنها بۆ شەڕە جنێو و سوکایەتی و تەشهیر دامەزراوە و لەوە زیاتر بلاوناکاتەوە! یاخود کاك نەبەزیش هەمان ئەو قەناعەتەی ئێمەی هەیە لەسەر شەڕانگێزیی ئەو ماڵپەڕە! بۆیە نووسینی هێمن دەنێری بۆ ماڵپەڕی دیکە!!
ئێمەی کۆمەڵگەی کوردستان لە تاسووقیمان بۆ ئازادی و سەربەستی و ئارەزووومان بۆ پێشکەوتن و ژیان و بیری ئازاد و ئارام و سەرفراز، هەمیشە خوازیاربووین پاش خەباتی سیاسی و چەکداری و راپەڕین و قوربانیدان و خوێن رشتن لەپێناو ئەو ئاوات و هیوا بەرزانە، رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ بێتە پێشەوە و هەموو جۆرە کەناڵەکانی کاری رۆشنبیری و راگەیاندن و رۆژنامەگەریمان بکەوێتە بەر دەست و لەو رێگەیەوە ئەو شێوازە خەباتەمان تەرجەمەی سەر نوێترین تەکنەلۆژیای راگەیاندنی سەردەم بکەین، بۆ ئەوەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فەرهەنگ و کلتووری پڕ لە شانازی خۆمان بەیانی گەلانی دنیا بکەین و پێگەیەکی گەورە لە دەروون و ویژدانی دونیا بۆ خۆمان بەدەست بهێنین، بەتایبەتی کە ئێستا ئێمەی کورد تا هەنووکەش لەناو قورسترین سیراع و هاوکێشەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیی هەستیاردا گوزەری نەتەوەیی و نیشتمانی و کلتووی و سیاسی دەکەین و ڕۆژی سەد پلانی جۆراوجۆر ڕووبەڕوومان دەبێتەوە! کەچی بەداخەوە (کوردستان پۆست) دەیەوێ هەموو فەرهەنگ و کلتووری ڕۆشنبیری و سیاسی و نەتەوەییەمان بکاتە قوربانی شەڕە جنێو و مەرامی بچوك بچوکی نێوخۆیی و دەیەوێت ئەو وێنە ناشرینەی خۆی بکا بە بەرگی فەرهەنگ و کلتوورماندا!

من ماوەیەکی زۆرە بە ووردی تەماشای ئەم ماڵپەڕە بەڕێزەم کردووە و تێی رادەمێنم و بابەتەکانی دەخوێنمەوە، تا ئێستاش جگە لە جنێو و سوکایەتی و فریودان و تەشهیر و تەشویهکردنی ژیانی تایبەتی خەڵك بەولاوە، بە دەگمەن وشەیەکی جوان و بابەتێکی دانسقە و بابەتیانە و ڕۆشنبیریم تێدا بەرچاو کەوتووە! تا ئێستا تەنها گۆشەیەکی ڕووە جوانەکانی فەرهەنگ و کلتووری کۆمەڵگاکەی خۆمم تێدا نەبینییەوە! وەکو ئەوەی (کوردستان پۆست) بیەوێت بە دونیا بڵێ هەڵچوون و جنێو و قسەی ناشرین و سوکایەتی بە یەکدی کردن کلتوورمانە!!

من بە (کوردستان پۆست دەڵێم) : ئەرێ گەلۆ کەی ئەمە فەرهەنگ و مێژووی ئێمەیە؟ کەی ئەم شەڕە جنێو و تەشهیر و سوکایەتییە بە گشت بەهاکان کلتووری ئێمەیە؟ فەرهەنگی ئێمە فەرهەنگی نالی و مەحوی و جزیری و خانی و وەفایی و زێوەر و حاجی قادری کۆیی و قانیع و بێکەس و بابا تاهیر و بێسارانی و گۆران و دڵدار و پیرەمێرد و حسێن حوزنی و بەدرخانییەکانە، فەرهەنگی ئێمە هەرگیس ئەم شەڕە جنێو و تەشهیر و سووکایەتییەی (کوردستان پۆست) نییە!! فەرهەنگی ئێمە زۆر دوورە لە شێوازی بیرکردنەوەی شەڕەنگێزیانەی کوردستان پۆست، دڵنیاشم ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان مێژووی نەتەوایەتی و فەرهەنگ و کلتووری کوردستان و زمانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کورد لە نەیار و دوژمنەکانی خۆی بپێچێتەوە، بێ شك ئەم سایتە و مەعمیلەکانی لەو دادگایەی مێژوو دەرباز نابن!!

---

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.